**هاوسەفەری زیرەک!**

لە بیرم نایات کەی بۆ یەکەم جار گوێم لە دەنگی بوو، ڕادیۆیەکی چکۆلەی گیرفانی  کە بە پێنج تمەنی ئێرانی کڕیبووم، منی مێرمنداڵی تێکەڵ جیهانی دەرەوەی شارۆچکەکەمان دەکرد، رادیۆیەکی زەرد ڕەنگ کە پێیان دەکوت«رادیۆی کتێبی». لە ڕێگای ئەم رادیۆ بچکۆلانەیەوە گەشتی ناو  رادیۆ کوردیەکانی ئێران وعێراق، بەغدا و کرماشانم دەکرد و هەر لەو کاتەوە کە کەوەکانی رادیۆی بەغدا بە قاسپە قاسپ دەیانخوێند، هەتا کۆتایی چیرۆکی شەوی کرماشان بیسەر و گوێگر بووم. عەنعەنی شەونم و بەرنامەی ڕۆژێ لە ڕۆژان، سوارە و تاپۆوبۆمەلێل، شوکروڵا بابان و شیعر و گۆرانی و دەیان کەس و دەیان بەرنامە، ئاوپڕژێنی دڵ و دەروونیان دەکردم. ڕادیۆکتێبی دەنگی قەسرین شیرین، مەریوان، مەهاباد، سنە، ورمێ، تەورێز، بناوی ئاوێتەی گیان و دەروونم دەکرد!

گەر حەسەن زیرەك دەنگی لە رادیۆوە هاتبا، دەنگی رادیۆم هەتا دوا پلە بەرز دەکرەوە. زۆرجار لە ماڵێ، ئەمریان پێ ئەکردم کە هەڵێم دەنگی  ئەو رادیۆیە بەرز کەمەوە، ڕادیۆ ئەندەریای گەورە وزەلام، کە سیمی ئانتێنی لە ناو پەرداخێك ئاو رادەکرا، بۆ نە هێشتنی پارازیت. ئەوەش هەر لە ماڵی ئێمە وا نەبوو، دەرو جیران بە بیستنی دەنگی زیرەك هەتا ئاخر دەنگی رادیۆیان بەرز دەکردەوە، لە ناکاو لە گەڕەکەکانی شار، لە ماڵ و دووکانەکان لە یەك کات و سات شار دەکەوتە ژێر دەنگی چریکەی زیرەک!   کەویارە و کەویار، خاس کەویارێکی.....

کەم کەس هەبوو دژ بەو قسە بکات، هەموو دەیانزانی ئارەق دەخواتەوە، کۆلکە مەلا و وشکە موسڵمانی نەزان، جارو بار قسەی پیسیان لەدەم دەهاتە دەر، دەیانگوت  لە سەقز کابارەی داناوە و رەقاسەی هێناوە! ئەمەش لە بەر چاوی مەبارکی ئەوان مانای ئەوە بوو، کە ئەو قەحبەخانەی داناوە. ئەو دەمە من دە، یازدە  ساڵان بووم.

 دەیانگوت هوتێلی لە سەقز داناوە و بۆخۆی لەوێ گۆرانی دەڵێ. ئارەزوم ئەوە بوو کە ڕۆژێك سەر بەم هوتێلە سێ ستارەیەدا بکەم. بۆ من ئەو کارەی زیرەك زۆر گەورە بوو، هەر چەند زۆر منداڵ بووم، هەستم بەوە دەکرد کە ئەم کابرایە دەبێ ئینسانێکی زۆر بەرز و نەترس بێ، کە لە شوێنێکی وا دواکەوتو، کابارەی داناوە و هونەری خۆی و کەسانی دی پێشکەش دەکات. قەت بەو ئاواتە نەگەیشتم کە یەکەم کابارەی کوردستان ببینم.

هەتا گەورەتر دەبووم، زیرەك لام خوشەویست تر دەنوواند، لام گرنگ نەبوو خەڵک دەڵێن چی و چۆنی باس دەکەن! زیرەك بۆمن کە لە شارێکی داخراودا دەژیام ومێشکم پڕ لە پرسیار و ئیدە بوو، مرۆڤێکی سونەت شکێن بوو، مرۆڤێکی ئازاد، هەر بۆیە کارەکانی ئەوم لە قسەکانی موعەلیمی دینی وقورئان و شەڕعیات لا گرنگتر بوو.

دەیانگوت زۆر دەچێتە مەیخانەکەی مینە زیرەکی برای. دەچووم لە بەرانبەر مەیخانەکە، کە لە فەلەکەی سەرێ بوو دادەنیشتم و چاوەڕوان دەبووم. بەڵام زیرەك لێرەش پەیدای نەبو. رۆژێك بیستم کە ماڵی هاتۆتەوە بۆکان و لە لای گەڕەکی دەرمانگا، ژوورێکی بە کرێ گرتووە. چەند رۆژان هات و چۆ و چاوەڕوانی سوودی نەدا.

لەنکاو لە ناو شار بوو بە مقۆمقۆ، زیرەك دێتە سەر شایی ماڵی .... بە هەڵەداوان لە گەڵ چەند کەس چووینە بەر دەرکی ئەو ماڵە. رێگا نەبوو کەس بچێتە ژوور، سەربان و حەوش و بەر دەرگا و پیادەڕەو پڕی خەڵک بوو. بە دەگمەن دەبیسترا، زیرەك بێتە سەر شایی، ئەو رۆژە محەممەد ماملێ شایی دەگێڕا، لە پڕ کوتیان حەسەن زیرەك هات، بە بەر دەماندا رۆیشتە ژوور، پیاوێکی لەڕی ڕەشتاڵە، بەڵام خوێن شیرین و ڕووخۆش. بە بیستنی ئەوەی زیرەك هات شایی و داوەت وێستا. لێرە بۆ یەکەمجار لە نزیکەوە گوێم لە دەنگی بوو.

جاروبار ڕێگای دەکەوتە باخی میراوا، باخی میراوا سیرانگای نە تەنیا شاری بۆکان، سەیرانگای شارەکانی دەوروبەر بوو، زۆرجاران گۆرانی بێژان دەهاتن و دەبووە جێژن و گۆرانی و هەڵپەرکێ. باخی میراوا بڵاڵوك و قەیسی بەناوبانگ بوو، گوندی میراوا لە تەنیشت چۆمی تەتەهو (سیمینە) هەڵکەوتووە. هاوینان زۆرجاران دەچووینە باخی میراوا، لێرەش قەت چاوم پێینەکەوت.

هەواڵی زیرەك دەم بە دەم لە ناو شاردا دەگەڕا، لە هەر شوێنێك لە ئێران و عێراق خەبەر دەگەیشتەوە شار. دواجار گوترا لە بانە قاوەخانەی هەیە وپاشان کوترا زیرەك دیاری نییە!

ساڵی ۱۹۷۲ لە شاری تەورێز دەرسم دەخوێند، خەبەر هات زیرەك نەخۆشە ولە نەخۆشخانەی بۆکان کەوتووە. من نەمدەتوانی بچمەوە، دەبوو هەتا بەتاڵی جێژنی نەورۆز ڕاوەستم. لە نەخۆشخانەڕا گواسترابووە بۆ ماڵی سارای خوشکی. ماڵەکەیان لە خەیابانی سەقز رووبەڕوی مەدرەسەی بۆعەلی بوو، دووسەت مەترێك دوورلە ماڵی ئێمە.

هەر لە بەیانی هەتا درانگی شەو خەڵک دەهاتن و دەچوون، هەر دەستەیەك دەچووە ژوور و دەستەیەك دەهاتە دەر. ئەم پازدە ڕۆژەی پشووی نەورۆز هەموو ئێوارە، دەچوومە بەر دەرگای ئەو ماڵە و دەهاتم و دەچووم. خەیاڵ و پرسیار مێشکی ئاڵۆز کردبووم : بڵێی ئێستا خەوتبێت، ڕەنگە ماندو بێت، گەر بچم ئازارەکەی زۆرتر نابێ؟ موزاحمی نابم؟ ژوورەکەی پەنجەرەیەکی بچکۆلانەی بەرەو رووی شەقامەکە هەبوو، هەموو شەوێك هەتا چرا نەکوژابایەوە، ئەوە من قەراوڵی بەر ئەو دەرگایە بووم.

چەند شەو داوام لە کاك رۆستەم کرد لە گەڵم بێ، ئەو کە لە کۆنەوە هەر لە ماڵی ئێمە بوو، زیرەکی باش دەناسی و دۆستایەتی لە گەڵی هەبوو. رۆستەمی زاڵیش نەیتوانی زاتی من بشکێنێ بۆ ئەوەی بچمە ژوور. پشووی نەورۆز کۆتایی پێهات و گەڕامەوە سەر دەرس و دەور!

که مەدرەسە تەواوبوو، زیرەك بەر لە چوونەوەی من بۆهەمیشە ماڵئاوایی کردبوو. دەیانگوت هەموو شوێن داخراوە و خەڵک بەتەواوی لە گەڵی چوونەتە گۆرستان.
چەند ڕۆژ دوای ناشتنی، رادیۆی مەهاباد دەستی بەکار کرد، دوا گۆرانییەکانی کە لە نەخۆشخانە تۆمار کرا بوو، بڵاوکرانەوە. ئەو ڕۆژە ژنانی دەروجیران لە ماڵی ئێمە کۆببوونەوە، لە گەڵ دەنگی زیرەک، ئەوان بە کوڵ دەگریان و فرمێسکیان هەڵدەڕشت، دەتگوت کەسێکی نزیکیان مردووە، کەسێک کە خەم و ئاواتەکانی ئەوانی دەچڕی:
«مودەتێك ئاوارە بووم و سەردەمێکیش دەربەدەر، قەت نەمدی ڕووی ئاسودەگی، هەر تووشی گێرەو قەرقەشم.»

فرمێسك بە لا چاوانی هەموو ئەو ژنانە کە لە ژوورەکەدا دانیشتبوون دەهاتە خوار، کەس دەنگی لێوە نەدەهات، زۆریان لە بەر خۆیانەوە ، خۆیان دلاواندەوە، لاوانەوەی ئەو رۆژەی ئەو ژنانە، خۆشەویستیان بەرانبەر بە ئەو ئینسانە لە مندا زیاد کرد، هەستێکی گەرم وپاك وخاوێنی لە مندا پێکهێنا!

ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسم ئەو ژنانە هیچیان نەماون، بەڵام هەست و حاڵەتەکانیان لە مندا زیندووە.

برایم فەڕشی

ڕۆژێک لە ڕۆژانی سەدەی بیست